# "ئازادی" لە شێعرەکانی مامۆستا "هەژار"دا

## شۆرش کوردستانی



### سەروتار

گومانێک لەوەدا نییە کاری نووسین لە مەڕ مرۆڤێک کە زۆربەی ژیانی لە ئاوارەییدا و بۆ خزمەت بە نیشتمانی تێپەڕ کردووە و هەوراز و نشێوی ڕۆژگار و چەپ گەڕی چەرخی گەردوون بۆتە هەوێنی شێعر و هۆنراوەکانی، یەگجار ئەستەمە.

گەڕان بە دوای سەربەستی و هاوار بۆ ئازادی گەلانی چەوساوە هەموو چوارچێوەی دیوانی ئەم شاعێرە مەزنە پێک دێنێ. لە کوردستانی چوارپارچەدا بە دەگمەن شاعێرێک پەیدا دەبێ بە قەدەر ئەو هاواری بۆ ئازادی بەرز کردبێتەوە. بەڵێ، وێڵ و سەرگەردان و تەریک مانەوە و دەست شوشتنەوە لە تەواوی خۆشەویستییەکانی وڵاتی دایکی دەتوانێ ببێتە هۆکاری پەروەردە بوونی مرۆڤێکی پایەبەرز و بێ وێنەی وەک مامۆستا هەژار.

مامۆستا هەژار لە دڵی میللەتی کورددا پێگە و ڕێزێکی تایبەتی هەیە. ئاساییە هەر مرۆڤێک خزمەتی گەل و نیشتمانی بکات لە دڵی میللەتەکەشیا هەرمان دەمێنێتەوە هەر وەک پیرەمێردی نەمر دەڵێ:"نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتا دەژین". هەر بەو پێوەرە ئەگەر سەیری کار و بەرهەمەکانی مامۆستا عبدولڕەحمانی شەرەفکەندی بکەین ئەم چەل بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هەموو خۆشەویستییەی هەژار لە کوێرا سەرچاوە دەگرێ و قسەی پڕنرخی مامۆستا ماجید مەردوخ ڕوحانی وەبیر دێتەوە کە دەڵێ:"پلەو پایەی مەردایەتی و زانیاری ئەو پیاوە هێند لەسەرە،گەر مەمانان بمانەوێ بۆی پروانین،کڵاومان لە سەری دەکەوێ."[1]

ڕەنگە ئەم وتەیە کە مام هەژار زۆرتر نووسەر و وەرگێڕێکی بە توانایە و پێگەی شاعێری ئەو لە ئاستێکی نزمتردایە ڕاست بێت بەڵام ئەگەر ئێمە،خوێنەرانی دەفتەر و دیوانی هەژار بە دڵێکی بێگەرد و چاوێکی ڕوونەوە،سەیری بەرهەمە شێعریەکانی بکەین ئەمجار بۆمان دەردەکەوێ کە هەژار لە بواری شێعریشدا بە باشی هەنگاوی ناوە و شێعری بەرەو موکریان وێنەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕاستییەیە. هەڵبەت ئەم باسە لەمەڕ شێعر هۆندنەوەیە،ئەگینا لە وەرگێڕانی شێعری گەورەکانی ئەدەبدا مامۆستا دەستێکی باڵای هەیە و تا ڕادەیەک کە بۆ ناسک خەیاڵی لەم بابەتەدا کەس نایگاتێ و خەییام بە کوردی بەڵگەی ئەم باسەیە کە هێز و توانای مامۆستامان بۆ دەردەخات. ئەم هێزەش دەگەڕێتەوە بۆ زانایی مام هەژار و زاڵ بوونی بەسەر تەواوی زاراوەکانی کوردی کە ئاخافتنیان باوە.

لە وتارێکی تایبەتدا باسێکم لە سەر مافی تاک لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن خستە ڕوو. دەمەوێ لە درێژەی ئەم کارەدا، ئازادی وەک وتارێکی دیکە، بەڵام ئەمجارە لە دیوانی "بۆکوردستان"ی مامۆستا هەژار بخەمە بەر چاوی خوێنەران.

لەم کورتەباسەدا هەوڵم داوە کە ئازادی لە ڕوانگەی مامۆستا هەژارەوە باس بکەم و بە خوێنەری بنوێنم کە مەبەستی ئەم شاعێرە بەرزەی کورد، لەو هەموو هاوارکردنە بۆ ئازادی چی بووە. بە واتایەکی تر، ئازادی لە شێعری هەژاردا کە ئاوێنەی ڕاستی هزر و ئەندێشەیەتی چ پانتاییەک دەگرێتەوە. بۆ شی کردنەوەی ئەم بابەتە لە دیوانی بۆ کوردستان کەڵک وەرگیراوە.

وشە سەرەکیەکان: هەژار، ئازادی، بۆ کوردستان، شێعر.

### بەشی یەکەم: **هەژار و ئازادی**

ئازادی گرینگترین مافی سەرەتایی مرۆڤ بە حەساو دێ و لە ژێر هێمای ئازادیدایە کە مافە سروشتیەکانی دیکە مانا پەیدا دەکەن. ماددەی سێی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ ئاماژەی بە ئازادی وەک مافێکی سەرەتایی مرۆڤ کردووە و نووسیویە:"هەر کەسێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی هەیە."[2]

ڕەوتی مێژوو نیشاندەری ئەم هەقیقەتەیە کە هەرکەس بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی هەوڵی دابێ لە دڵی مرۆڤەکانی جیهاندا ماوەتەوەو پێگەی بەرزی پێ دراوە. بەڵام کەسێکیش کە بۆتە ڕێگری پێشکەوتن و کۆسپێک لەبەر دەم سەرکەوتن بە نەفرەت و بێزاری یادی لێ کراوە.

---

[1]- شەرەفکەندی، عبدولرەحمان(هەژار)، چوارێنەکانی خەییام، چاپی دووهەم، ئینتشاراتی سروش، تاران، ساڵی 1370، ل 6.

[2]- Article 3:" Everyone has the right to life, liberty and security of person".

كاتێك باس له‌ ئازادی ده‌كرێ مرۆڤ هه‌ست به‌ به‌رزی ژیان ده‌كات و ده‌كه‌وێته‌ ئه‌و بیره‌وه‌ كه‌ له‌ ڕێگای گه‌یشتن به‌ ئازادی هه‌ر چه‌شنه‌ خه‌باتێ ڕه‌وایه‌. وته‌ی فه‌یله‌سۆفی ئینگلیزی كه‌ ده‌ڵێ: "ئازادی ئه‌وه‌نده‌ پربایه‌خه‌ كه‌ بۆی بچیه‌ سه‌نگه‌ره‌كانه‌وه‌ و به‌ ده‌ستی بێنی" ئه‌رزشی ئازادی و به‌خت كردنی گیان له‌ پێناو سه‌ربه‌ستی ده‌سه‌لمێنێ.

ئازادی چوارچێوه‌یه‌كی به‌رفره‌وان به‌ڵام ئه‌قڵانی له‌ ئه‌رزشه‌كانی مرۆڤی نێو كۆمه‌ڵگا له‌ خۆ ده‌گرێت. ژیانی بێ ترس و دڵه‌ڕاوكێ(ژیانی به‌ ئازاد)، ئازادی ئه‌ندێشه‌، ئازادی ئایین، كار و جل و به‌رگ، ئازادی سیاسی، كۆمه‌ڵایه‌تی و... به‌ گشتی ده‌چنه‌ ژێر سێبه‌ری وشه‌ی پیرۆزی ئازادیه‌وه‌. زۆربه‌ی نووسه‌ران و قه‌ڵه‌م به‌ده‌ستان به‌ پێی توانا ئازادیان هێناوه‌ته‌ به‌ر باس و به‌ڵام هێشتا جێی لێكۆڵینه‌وه‌ی به‌ هه‌زاران كتێب و په‌رتوك هه‌رماوه‌. شاعێرانی هه‌ر گه‌لێكیش به‌ پێی هێزی قه‌ڵه‌م له‌ شێعر و هه‌ڵبه‌ستی خۆیاندا هاواریان بۆ ئازادی مرۆڤ كردووه‌ و خه‌ڵكیان بۆ خه‌بات له‌ ڕێگای سه‌ربه‌ستی هان داوه‌.

ئێمه‌ی كوردیش ئه‌گه‌رچی به‌ درێژایی مێژوو له‌ قۆناغه‌كانی ئه‌سته‌می ژیاندا به‌ره‌ورووی هه‌ڕه‌شه‌ و گوره‌شه‌ و زه‌برو‌زه‌نگی نه‌یارانی ئازادی بووینه‌ته‌وه‌، به‌ڵام ساتێ له‌ خه‌بات بۆ گه‌یشتن به‌ ئامانج كۆڵمان نه‌داوه‌. شاعێرانی كوردستانیش وه‌ك چینێكی ڕۆشنبیر و دڵسۆز له‌ كۆمه‌ڵی كورده‌واری به‌ گشتی هه‌ستیان به‌ تاڵی كڵۆڵی و ژێرده‌ستی كردووه‌ و له‌ دیوانی شێعریاندا كه‌م یا زۆر ئاڵای خه‌بات بۆ ڕزگاری و سه‌ربه‌ستی نه‌ته‌وه‌كه‌یان به‌رز كردۆته‌وه‌.

بێگومان مامۆستا هه‌ژاری یه‌كێ له‌ ئه‌دیبه‌ هه‌ره‌ گه‌وره‌كانی كورده‌ كه‌ هاوار بۆ ئازادی، بناغه‌ی سه‌ره‌كی دیوانی شێعری پێك دێنێ تا ڕاده‌یه‌ك كه‌ به‌ دڵنیاییه‌وه‌ ده‌توانم بڵێم سه‌رجه‌می شێعره‌كانی دیوانی بۆ كوردستان له‌سه‌ر بابه‌تی ئازادی خول ده‌خواته‌وه‌. به‌ واتایه‌كی تر مامۆستا هه‌ژار ئه‌سڵی"ئازادی كوردستان"ی كردۆته‌ بناغه‌ی هۆندنه‌وه‌ی شێعر و هه‌ڵبه‌ست و وه‌رگێران و نووسینه‌كانی.به‌ ده‌گمه‌ن ده‌س نوسێكی هه‌ژار ده‌ست ده‌كه‌وێ كه‌ له‌ودا باسی سه‌ربه‌ستی كورد و به‌ گشتی چینی هه‌ژار و تا ڕاده‌یه‌كیش نه‌ته‌وه‌گه‌لی بن ده‌ست نه‌كرابێ. خوێندنه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌كانی ئه‌م ڕاستیه‌ ده‌سه‌لمێنن كه‌ هه‌ژار چه‌مكی ئازادی له‌ پانتاییه‌كی به‌رفره‌واندا بینیوه‌ و چوارچێوه‌یه‌كی دیاری كراوی بۆ دانه‌ڕشتووه‌. وا هه‌ست ده‌كرێ ڕزگاری نه‌ته‌وایه‌تی، دابین كردنی مافی چاره‌نووس و هاوسانی مرۆڤ و... له‌ ڕوانگه‌ی هه‌ژاره‌وه‌ به‌رزترین پێگه‌یان پێ دراوه‌.

مامۆستا هه‌ژار له‌م باره‌دا نووسیویه‌:"ویستوومه‌ ڕۆژگارێك دابێ هه‌ژار له‌ بێگار ڕزگار بێ و گیاندارێكی به‌ ئابڕو حه‌ساو بكرێ و هه‌ر به‌ سه‌ری زیندوو نه‌مرێ.بۆ پێكهاتنی ئه‌م ئاواته‌ش شنگڵێكی پێداویست بو له‌ خۆ بدرێ و كارێك بكرێ، هه‌ژار به‌ بێچاره‌خۆران نه‌خورێ... پێشینانمان گوتویانه‌: منداڵی منداڵ ئاساییش تا نه‌گری شیری ناده‌نێ. ماف كه‌ نه‌سێنرێ نادرێ."[1]

به‌ ڕوونی دیاره‌ كه‌ ته‌یاری چینی هه‌ژار و ڕزگاری كوردستان و به‌ده‌ست هێنانی مافی نه‌ته‌وایه‌تی، ئاواتی هه‌ره‌ گه‌وره‌ی هه‌ژاری نیشتمانپه‌روه‌ره‌. تێكۆشان بۆ گه‌یشتن به‌م ئاواتانه‌ هه‌ژار بۆ پشكنینی هه‌ر قوژبنێك هان ده‌دا. واته‌ هه‌ژار به‌ هه‌ر شێوازێك بۆی لوا بێ و لای هه‌ركه‌سێك بۆی كرا بێ باسی ئازادی كردووه‌ و یارمه‌تی خواستووه‌ و له‌م باره‌وه‌ نووسیویه‌تی:"بۆ ئازادی تێ ده‌كۆشام، له‌ هاواڵی ڕێ ده‌گه‌ڕام، به‌شكوو ڕۆژێك له‌ سایه‌ی هاوكاری واندا ئه‌و ڕۆژانه‌ ببینمه‌وه‌ كه‌ كوردستانی دڵبه‌رم ماوه‌ی ساڵێك تیا ژیاوه‌و ئاڵای خۆی له‌سه‌ر شه‌كاوه‌. هه‌ر كۆمه‌ڵێك به‌ ده‌م یان به‌ جیره‌ی قه‌ڵه‌م بیگوتایه‌ بیری ئازادیم له‌ لایه‌ ده‌چومه‌ لای..."[2]

ئاشكرا و به‌رچاوه‌ كه‌ هه‌ژار چه‌نده‌ خولیای ئازادیه‌ و ئه‌م بیره‌ ده‌سه‌لمێنێ كه‌ وه‌ده‌ست هێنانی ئازادی لای ئه‌و تا چ ڕاده‌یه‌ك به‌ قه‌در و قیمه‌ته‌. مامۆستا له‌ پێشه‌كی چاپی سێهه‌می دیوانی بۆ كوردستان ده‌نوسێ كه‌ "ئه‌مڕۆ ئه‌وپه‌ڕی ئاواتم ڕزگار بوونی كوردستانه‌ له‌ بێگانه‌."[3]

خۆشه‌ویستی گه‌ل و نیشتمان، تێكۆشان بۆ ئازادی له‌ مامۆستا هه‌ژاردا هه‌رده‌م پته‌وتر ده‌كرد و هێز و گوڕی پێ ده‌به‌خشی. ئه‌م ئه‌وینه‌ پیرۆزه‌ ڕه‌مزی سه‌ركه‌وتن و هانده‌ری زیاتر خزمه‌ت كردنی هه‌ژار تا ئاخرساته‌كانی ژیانی بوو. مامۆستا ده‌نووسێ:" ئه‌وینی نیشتمان و ئاواتی ئازادیم پته‌وتر و به‌ته‌وژم و پان و پۆرو به‌هێز وگوڕتر بوو.ئێستاش كه‌ واپیر بووم زۆرتر به‌و گڕی ئه‌وینه‌وه‌ ئه‌سوتێم و كه‌ ئه‌ڵێن: پیره‌دار باشتر گڕ ئه‌گرێ له‌ من ڕوی داوه‌."[4]

مامۆستای زانای وێژه‌ی كورد بۆ سه‌لماندنی ئه‌وینی كوردستان،دوای نه‌قڵێ له‌ قه‌یسی عامیری له‌مه‌ڕ ئه‌ویندارێ ڕاسته‌قینه‌ و سوتان له‌ ڕێی ئه‌م عیشقه‌دا ده‌ڵێ:

" ئه‌م خۆشه‌ویستیه‌ت له‌ دڵی پڕ په‌ژاره‌ما

[1] - شه‌ره‌فكه‌ندی، عه‌بدولره‌حمان(هه‌ژار)، بۆ كوردستان، چاپی سێهه‌م، چاپی لاله‌زاری نه‌و، تاران، ساڵی 1358، ل 4.

[2] - هه‌مان كتێب، ل 5.

[3] - هه‌مان كتێب، ل 10.

[4] - هه‌مان كتێب، ل 14.

تێکەڵ بە شیر مژیم و لەدوی گیان ئەچێتە دەر"

مامۆستا هەژار لە دەورەی ژیانی پڕ بەرهەمیدا، ئازادی کوردی لانیکەم لە بەشێ لە کوردستان دیبوو و لە نزیکەوە بۆن و بەرامەی ئازادی هەڵمژی بوو و ژیانی لە ژێر سێبەری ئەوانەی خۆشی ویستبون تێپەڕ کردبوو. بەو پێیە ئاساییە کە کەسێک تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش هەستی بە ئازادی کردبێ، لە نەبوونی ئازادی و ڕاکێشانی باڵی ڕەشی ئیستبداد و سەرەڕۆیی بەسەر وڵاتیدا، دەبێ چ ئازارێ بچێژێ. هەژاری وەتەن دۆست و دڵ پڕ لە زووخاو، خەبات بۆ گەڕانەوەی سەربەخۆیی وڵات بە ڕۆگەی پیرۆزی ژیانی خۆی دەزانێ و دەڵێ:

"وەتــەن سوێــند بەکێوانی سەربەرزی تــۆ     وەتەن سوێند بەداهاتی سەدتەرزی تۆ

وڵات سوێند بە بەفرت بەخۆشــی هەوات     بە نەفتت بە ئاوت بە دجلە وفـورات
هەتا قەترە خوێنێکی تەڕ شک دەبەیـن     بە قوربانـی ئازادی تـۆی دەکەیـــن
کورانت لــە ڕێــی کوردەواری مـــەزن     لە کـوژرانــی ســازن بــەڵام نابــەزن
سەرووماڵ بە قوربان دەکەین گشتمان     لە ڕێی سەربەخۆ بوونی تۆ نیشتمان"

هێز و تینی تێکۆشان و نەگۆڕانی نیازی دڵ تا کوژانەوەی چرای ژیان و وەک پەپولە سوتان بە ئاگری ئەوینی نیشتمان و پەلەقاژە و باڵەفرە بۆ سەرکەوتن تا ڕزگاری کوردستان و زۆر خاڵی تر، هەڵ دەگرێ لەسەر هەژار بنوسرێ و ئەندێ
شەی شی بکرێتەوەو نەسلی نوێ بە قەڵەم دوای نەمانی ڕێزی لێ بگرێ.

## بەشی دووهەم: **ئازادی لە شێعرەکانی مامۆستا هەژار دا**

ئازادی تەنیا بابەتێکە کە دەتوانم بڵێم زۆربەی دیوانی شێعری بۆ کوردستان لە خۆ دەگرێ. بە خوێندنەوەی شێعرەکانی هەژار یان ئەو کتێب و نووسراوانەی وەری گێراون زۆر بە باشی دەر دەکەوێ کە ئازادی کوردستان ئەوپەڕی ئاواتی هەژارەو هەموو مافە سەرەتاییەکانی دیکە دەچنە ژێر ئەم مافە سروشتییەوە.بە زمانێکی دیکە دەبێ بێژم کە بە ڕای مام هەژار بناغەی بنەڕەتی یان ژێرخانی تەواوی مافەکان ئازادییەو مافەکانی دیکە سەرخان بە ئەژمار دێن. ئەم ئازادییەش وا هەست دەکرێ ڕزگاری وڵاتە لە دەس داگیرکەر و هیچی تر. یانی لە بیر و هزری هەژاردا ڕزگاری کوردستان بە مانای وەدیهاتنی ئازادییەو زۆربەی شێعرەکانی شایەدی بۆ ئەم ڕاستیە دەدەن. مامۆستا هەژار لە شێعری "نامرادێک"دا دەنووسێ:

"تۆ خودا کاتێ کە ئازادیو سەند     ڕەگەزی خوێن مژەکانو هەڵقەند
کـیژ و کور هــەرچی بەلاما لادا     پێـم بڵێ و پایــێ بە قــەبرم دا دا
ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە     موژدەبێ مەوتەنەکەت سەربەستە"

ئازادی نیشتمان و زێدی کورد ئەو ئاواتە پیرۆزەیە کە مام هەژار نە تەنیا لە ماوەی ژیان تەنانەت دوای نەمانیش چاوەڕێیەتی:

"لاوەکان هەر کاتێ جێژنی ڕۆژی ئازادی دەکەن
بێننەوە بیرتان هەژارێک شاعێرێکی زاری کورد
داوەتێکی ڕەش بەڵەک بگرن لەدەوری گۆڕەکەم
یەکتری ماچ کەن بە یادم دڵبەرو دڵداری کورد"

لە ڕوانگەی هەژارەوە ئازادی کوردستان یەکەم هەنگاوە کە دەبێتە پردەبازێک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیک،کە لەودا کەس هێرش ناکاتە سەر مافی خەڵک و دارا و نەدار دێنە یەک ڕیز و لە ئەنجامدا شارۆمەندان، پۆشتە و پەرداخ هەوڵ دەدەن بۆ ژیان لە وڵاتێکی سەربەستدا. بە بۆچوونی هەژار تەنیا لە کۆمەڵگای ئازادایە کە هەر کەس دەتوانێ بە ئاسایش و ڕوحێکی ئارامەوە درێژە بە ژیان بدات.

دیتنی ڕزگاری کوردستان تەنیا ئاواتێک بوو کە مامۆستا هەژار هەرساتێ لە ژیان بە ئارەزویەوە دەژیا و هەر لەسەر ئەم حەزەش هەڵوەدای شاران و پەڕیوەی هەندەران بوو. هەژار لە شێعری"خۆشی دواڕۆژ"دا بە ڕوونی ئەم بیرە دەسەلمێنێ:

" تــۆ بڵێی هــێندە ئەجــەل ڕاوەستــێ     عەهــد و پەیمانی لەگەڵما بەستــێ؟
وەتەنم هەر وەکی بــۆخـــۆم دەمەوێ     ســەردەمێ چــاومی وا پــێ بکەوێ
ئەودەمەی گیان بەدەسی خۆم تەسلیم     دەکــەم و نــامەوێ باچــیدی نــەژیم"

وا وێدەچێ ئەندێشەی مامۆستا هەژار ئەوە بێ کە تا نیشتمان لە هێزی زۆردار نەجاتی نەبێ و ڕزگاری وەچنگ نەهێنێ ناتوانێ بیر لە مافەکانی دیکە بکاتەوە.

شێعرەکانی مامۆستا هەژار ئاوێنەی ڕاستی ئەو هەقیقەتەن کە لە چوارچێوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتی بێگانەو داگیرکەراندا هیچ مافێک وەدی نایێ. تا وڵات بە دەس خێوی خۆیەوە نەبێ، پروا و متمانە بە هێزی داگیرکەری وڵات و پشت بەستن بە وادە و بەڵێنی ئەوان بۆ دانی هەر جۆرە ئازادی یان مافێک، باوەڕێکی پووچ و لە ڕاستی بە دوورە. بە مانایەکی تر مامۆستا لای وایە کە نەتەوەگەلی ژێردەست تەنیا دەبێ بە ڕوحی برایەتی، یەکگرتوویی و پشت ئەستور بوون بە هێزی لەپڕان نەهاتووی جەماوەری بۆ ڕزگاری وەتەن تێ بکۆشن. مامۆستا بە پەیامێ پێمان ئێژێ:

"بە بێ ماندو بوون بێ شلی و سستی تێکۆشن بە گیان لە ڕێی سەربەستی
نەک هەرسەربەستی خاکی کوردستان بەڵکوو ڕزگاری هەموو ژێر دەستان"

تەنیا دوای پاک بوونەوەی وڵات لە هێزی داگیرکەرە کە نەتەوەگەلی زوڵم لێکراو دەتوانن بە وە دەست هێنانی ئازادی و حاکم بوون بە سەر مافی چارەنوسی خۆیان وەک مرۆڤێکی سەربەست درێژە بە ژیان بدەن. بۆ نمونە پروانە ئەم شێعرەی خوارەوە:

" نیشتمــان پاشی فڕێ دانی بژار پاشی پەی کردنی دەستی زۆردار
وەکـوو ئێستا هەیـە وا نامێنــێ گەلێ مەرد ئەو دەمە خــۆدەنوێنێ
کیژوکور پیر و جوان پیاو و ژن کــاری زۆریان هەیــە ڕا نــاوەستــن
کوردزمانێکی وەکووخۆت وخۆم تەجرەبەی خاکێ دەکا بۆ ئاتــۆم
ڕۆژێ هەڵدەفڕێ هەژار تەییارە کە لەبـــن باڵی:بژی کورد دیارە "

مامۆستا لە جێگایەکی دیکەدا بە دڵێکی پڕ لە هومێد و ئیمانێکی قووڵ بە ئاسۆی ڕووناکی ڕزگاری، خۆزیا و بریای گەلەکەی ئاوا دەخاتە سەر لاپەڕەی دیوانی و بەو هیوایەوە دەڵێ:

"هەتا کوردستانی ڕەنگین لە دوژمن پاک نەکەینەوە
بیـــــر لە خۆمان ناکەینەوە، ئاور بـــۆ دوا نــادەینەوە"

بەرهەمی ئەم خەباتە ڕەنگینەش لە ڕوانگەی هەژارەوە دەبێتە داهاتنی:

"دنیایەک دابێ پڕخۆشی و شادی
دەستەڵات دار بێ هێزی ئازادی"

مامۆستا هەژار لە دیوانی بۆ کوردستاندا باسی بەرابەری مرۆڤی دارا و نەدار دەکات کە لە نیشتمانێکی ئازادو ڕزگار لەدەس بێگانەدا ئەم هاوسانیە پێک دێ و بەم پێیە جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان لە ناو دەچێ. یەکێ لە شۆناسەکانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک، لێک نزیک بوونەوەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئینسانیە. بە لەناو چوونی ئەم جیاوازییە هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لە بەرەوپێش بردنی کاروانی ژیان و پێش خستنی وڵاتدا خۆیان بە بەشدار دەزانن و باسکی هەوڵ و تێکۆشانی بۆ هەڵ دەماڵن. هەژار لەم بارەوە دەنووسێ:

" لە دنیای مەستــــی ئیشتراکیە فــەرقی هــەژار و پادشـــا نیــە
دنیــا تازەیە لەبەرچاوی مەســت هێشتا تێی نەچوە پایەبەرزوپەست"

بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی دیکە کە لە دیوانی بۆ کوردستاندا بەدی دەکرێ، دەربڕینی ڕق و بێزاری مامۆستا هەژارە دژ بە گەلانی سەرەڕۆ و زۆردار کە گەلانی ژێردەست دەچەوسێننەوە. لە زۆر جێگای دیوانی بۆ کوردستان، هەژار بە توندی هێرشی کردۆتە سەر هێزی ئیستعمار و گوتوویەتی:

"یەکـــەمی ئەیـــار جێژنی کرێکار ڕۆژی لەرزینی دەزگای ئیستعمار
یــەکەمی ئەیـــار هومێــدم وایــە تــا ئەیـــاری تر بمرێ ســـەرمایە
ڕیشەکەن بکرێ داری ئیستعمـــار شەرەف و ناموس نەدرێ بە دۆلار
دنیــایەک دابـێ پڕخۆشی وشادی دەستــەڵات دار بێ هێـزی ئازادی"

هەژار ئەوجی نەفرەتی خۆی بە شێعرێک لە ژێر نێوی"تابوتی زۆردار" دەخاتە ڕوو و داوا لە وڵاتانی ژێردەست دەکات فریوی شێعر و شوعاری هێزە شۆوێنیست و زل هێزەکان نەخۆن کە وەک گورگێک لە پێستی مەڕدا ناوی گەلانی ڕزگاریان لێ ناوین و لەم بارەوە دەڵێ:

"لە گشتی خۆشتر گورگی ئیستعمار نێوی لێ ناویـــن گـــەلانی ڕزگـــار"
"ئەی تیمسالەکەی ڕەمزی ئیستعمار داڵـــدەی خوێنــمژی گەلانی ڕزگار
خۆزگە دەســت بـــروا بتکەم بە بزمار پـــێــت دابــەستــم تــابــوتی زۆردار"

بێگومان هەوڵی مامۆستا هەژار وەک وێژەناس و ئەدیبیکی بەتوانا(نە وەک سیاسەتمەدار)، لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراوە کە گەلانی ژێردەست و بە تایبەتی کوردی بێچارە لە دیلی و بەخسیری چەوسێنەران بێنەدەر.ئەگەر جاروبار لە زمانی شێعری ویدا، توندوتیژی بەدی دەکرێ و باس لە ڕەگەز و چینی تایبەت دەکا،من پێموایە ئەوە تەنیا حەز و خۆشەویستی زۆری وڵاتی داگیرکراوەتی کە تەنگی پێ هەڵ چنیوە و بواری لێ تەنیوە و وای لێ کردووە کە ئەم باسانە بێنێتە گۆڕێ. واتە زۆرتر هەست و ئێحساسی کوردایەتی تۆخە کە هەستی مامۆستا هەژاری بزواندووە نەک ئەندێشەیەکی سیاسی نوێ و بەجێ. لام وایە کە توێژی شاعێران بە هۆی ناسک خەیاڵیانەوە ناکرێ وەک کەسانێکی ڕەگەزپەرەست چاویان لێ بکرێ، چوونکە ناسک خەیاڵی

دنیای هونەر و جوانی و ئەوین لە گەڵ کۆنەپەرەستی و ڕەگەزپەرەستی و... نایخوێنێتەوە. ئەم بەیتەی هەژار کە پێشتریش ئاماژەم پێدا دەتوانێ وێنەی ڕاستی وتەی سەرەوە بێت:

"بە بێ ماندو بوون بێ شلی و سستی  تێکۆشن بە گیان لە ڕێی سەربەستی
نەک هەرسەربەستی خاکی کوردستان  بەڵکوو ڕزگاری هەموو ژێر دەستان"

هەموو ویستی هەژار ئەوە بوو کە کوردیش بێتە ڕیزی گەلان و سەرێک بێ لە نێو سەران. گەلێکی زیندوو کە هێز و پرشتی سەرکەوتنی بێت و بتوانێ لە ئاسایشدا بژی. هەژار هۆکاری سەرەکی دواکەوتن و لەت لەت بوونی کوردستان بە زوڵم و زۆری دەزگای ئیستعمار دەبەستێتەوە و بە لەناو چونیان، موژدەی هەڵاتنی ڕۆژی ڕووناک و تیشکی ئازادی دەدات و بە هەستێکی ناسکەوە دەنووسێ:

"ڕۆژی خـۆشیت هاتە ئاسۆ ئەی گەلی خەمباری کـورد
ڕۆژ هــەڵات ڕۆشن دەکا شەوگـاری تاڵ و تاری کـورد
کـۆتری (پیکاسۆ) کە مـوژدەی هێمـنی هــێنا گـوتی:
مرد بە سەرچوو ڕۆژی ئیستعباد و ئیستسماری کــورد"

مامۆستا لە شێعری "پەڵە هەوریک"دا لە بارەی ڕوخانی دام و دەزگای سەرکوتکەری ئیستعمارەوە بۆ ئێمەی کورد دەنووسێ:

"کورگەل کوری کوردی نەبەز  مــەوەستن کــۆوە بــن بــە لەز
جێـــــژنە و جێـــــژنی ئازادییە  جێــــژنی مــەرگی بێ دادیـیە"

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێدا بە ڕای هەژار یەکێ لە شوناسەکانی وڵاتانی دیمۆکراتیک لە عەسری مودێرنیسمدا ئازادییە و تا هەر نیشتمانێ بە دەس خێوی خۆی ئیدارە نەکرێ و تا گەلان سەربەست نەبن، هیچ مافێک بۆ هەژاران لە لایەن داگیرکەران دابین نابێ. بە واتایەکی تر ئەوە شارۆمەندانی یەک وڵاتن کە بە دەسەڵات هێز دەبەخشن،واتە حوکمڕانی بە سەر هەر گەلێکدا بێجگە لە ویست و داخوازی خەڵک سەرچاوەیەکی دیکەی نییە.

"نیشتمان پاشی فڕێ دانی بژار  پاشی پەی کردنی دەستی زۆردار
وەکـوو ئێستـا هەیـە وا نامێنێ  گەلی مەرد ئەوەدەمە خۆی دەنوێنێ"

بەم پێوەرە ئێمەی کورد، ناتوانین ئەم ئەسڵە قەبووڵ بکەین، هێزێ کە وڵاتەکەمانی داگیر کردووە و بە ویست و دڵخوازی مە نەهاتۆتە سەر کار و مەشروعییەتی پێ نەدراوە، لافی ئەوە لێ بدا کە مافی شارۆمەندانی کورد دابین دەکات. مامۆستا دەڵێ کە هەوەڵ مافی کورد بە ڕۆیشتنی زۆردار دابین دەبێ کە دەرئەنجامەکەی ئازادی گەلی کوردستانە. ئەمەیە یەکەم مافی سروشتی کورد و تا ئەم ئاواتە وەدی نەیێ مافەکانی دیکە ڕەنگ بە خۆوە ناگرن.

تیغی نەفرەتی مامۆستا هەژار لە شێعرە پرسۆزەکەی"بەرەو موکریان"دا دەردەکەوێ کاتێ ئێژێ:

"نەچی دڵمەند بی لەوەی هاتە سەرت  زۆر کەسی وات هەیە بمرن لە بەرت
دوژمنت پێــی وەنەبێ بۆی دەلــوێ  کــورەکورد خەنجەرەکەی بۆ دەسوێ
ئــاو نیــە خوێنــی شەهیــدان نەوتــە  هـەڵ دەبێ و هەل لە ژیان هەڵکەوتە
کــوردەواری لــە دەمــی بێـــگانــە  شیـــرەتریـاک نیـیە وەک سنـــدانــە
ئەوی لای وایەکەتۆی پێ دەخورێ  ئـەبــێ تـاڵاوی بە دەم دا بکــرێ"

مامۆستا هەژار لە پێشەکی بۆ چاپی یەکەمی دیوانی"بۆ کوردستان"دا بە ڕوونی و ئاشکراییەوە دەنووسێ:"تا بستێ لە خاکی کوردستان لە ژێردەستی بێگانەدا مابێ، تا کوردێکی هەژار بەرهەمی ڕەنجی شان و نرخی خوەدانی ناوچەوانی بچێتە ناو گیرفانی داگیرکەرانی بێگانەو چەوسێنەرو دەست پرانی ناوخۆ...من بە ئاوات نەگەیشتووم." بەڵام هەژار ناهومێدی ناناسێ و پرواى بە سەربەستی گەلان هەیە و دەڵێ:

"دەرەوێ تــۆز و تــەمی ژێـــردەستـــی  دەیگرین ڕەش بــەڵەکی ســـەربەستــی
پیس و چاوشۆر سەری پێ شۆردەکرێ  گۆڕی داگیـرکەری پێ گۆڕ دەکـرێ
شـــان بە شـــان دەس لە دەسا گۆوەندە  ڕێــکی یەک دێـــنەوە شەندە و مەنـــدە "

بابەتێکی دیکە کە شیاوی باسە و نابێ لە یاد بکرێ ئەوەیە کە مامۆستا هەژار پرواى تەواوی بە پێگەی خوێندن لە ژیانی مرۆڤ دا بووە، بەڵام ڕەنگدانەوەی مافی خوێندن لە دیوانی بۆ کوردستان بە تەواوی چووەتە ژێر سێبەری مافی ئازادی واتە ڕزگاری کوردستان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە

کەم باس لەم بابەتە کراوە و ئەگەریش هاتبێتە گۆڕێ بە ڕێک و پێکی پێوەندی داوە بە مافی سەربەخۆیی وڵاتەوە. پروانە ئەم شێعرە لە ژێر ناوی"سرود بۆ قوتابیان":

"گەلێک پێویستە زانست و خوێندن  بۆ سەربەخۆیی،بۆ تۆڵە سەنــدن
گەل خوێندەواربێ قەت ژێر ناکەوێ  لە ڕاست بێگانە سەری نانەوێ
چینی تازەی کورد بە خوێندەواری  بــەرز ئەکاتەوە ئاڵای ڕزگاری"

مامۆستای گەورەی زمانەوانی کوردستان، لە شێعرێکیدا کە بۆ پەسنی کۆڕی زانیاری کورد نووسیویە، لە مەڕ بەها و پێگەی خوێندن بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن دەڵێ:

" ئەم کۆڕە ژکوردا ڕا جەوهەر بە خەڵات دێنێ تیـــرێژی هونـــەر لەو ڕا تـــاریکی دەتارینـــێ
وێژەوکەلەپوری کۆن فەرهەنگ و زمان وانی زانیاری بە هۆزانی خـۆی لە گرەوە دەنوێنـــێ
کرمانج و لُورو سۆران،زازاو موکری وگـــۆران وەل یەکتری داخێون، کەس نینە کو دامێنـــێ
ئەو ڕۆگەیە پیـــرۆزە ئاواتی گەلی کـــوردە پێکهاتووە بۆمێژووی(خۆشتر لەهەمووشوێنێ)"[1]

هەر وەک دەبینرێ هەژار بابەتی خوێندن و زانستیشی هەر وەک تەواوی شێعرەکانی خۆی، بە جوانی پێوەند داوە بە ڕزگاری وڵاتی کوردستان. هەژار خوێندەواری نەسلی نوێ و بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری کۆمەڵایەتی شارۆمەندانی کوردی بۆ وەرگرتنی مافی سەربەخۆیی بە پێویست زانیوە کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆکاری شەکاوە بوونی ئاڵای سەربەستی کوردستان. هەر بۆیە کاتێ دەگووترێ هاوار بۆ ئازادی وەک سەرەتاییترین مافی سروشتی مرۆڤ، باڵی بە سەر دیوانی مامۆستا هەژار دا کێشاوە، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە بێژم، ئەگەرچی مامۆستا هەژار زۆرتر لە بواری وەرگێران و نووسیندا کاری کردووە، بەڵام هەردەم چاوێکی لە شێعر هۆندنەوە بووە و لە هەرجێ هەستی دەروونی بزواندبێ، شێعری جوانی هۆندوەتەوە.تەنانەت لە شێعرەکانی دیوانی بۆکوردستاندا دەکرێ مێژوویەکی گەورە و گران لە ژێردەستی نەتەوەی کورد بە دەس بهێنرێ و دەتوانم بڵێم مام هەژار تەنیا شاعێرێکی کوردستانییە کە ناوەرۆکی دیوانی شێعری، مێژوویەکی باشی شۆرش و کارەساتە دڵهەژێنەکانی کوردی لە چاخێکی تایبەتدا تۆمار کردووە. ئەم وتەیە بە مانای سەلماندنی بێ ئەم لا و ئەو لای ئەندێشەی سیاسی مامۆستا هەژار نییە و تەنانەت بە ڕای من هەژار سیاسەتمەدار نەبووە و نییە بەڵکوو بە گشتی ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی کوردە و ناوی بەرزی ئەوەیش هەر بەم بۆنەوە لەناو دڵی کوردا جێگر کراوە.

نووسینی ئەم وتارە تەنیا بە مەبەستی شی کردنەوەی هزروبیری ئازادیخوازی هەژار لە چوارچێوەی شێعر و ئەدەبدا بوو. لە ئاکامدا گەیشتمە ئەو پروایەی کە مامۆستای ڕێزداری کورد لە بوار ئەدەبییەوە، بۆ وەرگرتنی مافی کۆمەڵایەتی شارۆمەندان و سەرکەوتنی وڵات و خزمەت بە گەلەکەی باش هەنگاوی ناوەتەوە و لەم بوارەدا بۆ ڕزگاری کورد تا ئەو ڕادەیەی پێی کراوە هەستی نەتەوایەتی لاوانی نیشتمانی بزواندووە. ئەمرۆکەش بێ ژومارن ڕێرەوان و لایەنگرانی مامۆستا هەژار،کە شێعری بەرزی ئەویان کردۆتە مەشغەڵی ڕێگای بەرخودان و نەسرەوتن تا سەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی و تێکرا دوپاتی دەکەنەوە:

"بەکوردی دەژیم بە کـــوردی دەمرم بە کوردی دەی دەم وەرامـــی قەبـــرم
بەکـــوردی دیسان زینـــدو دەبـــمـــەوە لەودونیاش بۆکورد تێ هەڵ دەچمـــەوە"

## سەرچاوەکان

1- شەرفکەندی،عبدولرەحمان، بۆکوردستان، چاپی سێهەم، ئینتشاراتی لالەزاری نەو، تاران، ساڵی 1358.
2- شەرەفکەندی،عبدولرەحمان، چوارینەکانی خەییام، چاپی دووهەم، ئینتشاراتی سروش، تاران، ساڵی 1370.
3- کەماڵان،سەیدمێهدی،مەنشووری سازمانی میلەلی موتتەحید(ناوی کتێب)،چاپی یەکەم،ئینتشاراتی کەماڵان،تاران،ساڵی 1386.
4- نەزان،کەنداڵ، جاری گەردوونیی مافی مرۆڤ،وەرگێرانی عەلی بەلخکانلوو،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی ئەنستیتوی کورد، پاریس.

[1] - ئەم بەیتە بە حیسابی ئەبجەد نوسراوە کە دەبێتە ساڵی پێکهاتنی کۆڕی زانیاری کورد لە 1973 زایینی.